

لەپاش بەدەستهێنانی نۆبڵ

# سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ:

ژن و ژیان یەک شتن



سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ، کە لە باوکێکی بیلاروسی و دایکێکی ئۆکرانی لەدایکبووە، لەپێناو کاری پەیامنێری بۆ رۆژنامەیەکی لۆکاڵی لەشاری نارۆفلی بیلاروسیا وازی لەخوێندن هێناوەو دواتر خوێندنی زانکۆیی لە بواری رۆژنامەوانی لەزانکۆی منسکی پایەتەختی بیلاروسیا تەواوکردووە ،و لەچەند رۆژنامەیەکیشدا کاریکردوە و ژمارەیەك کورتە چیرۆکیشی بڵاوکردوەتەوەو لەنوسینەکانیشیدا رووداوە گرنگەکانی وەك کارەساتی چیرنۆبڵی ئەتۆمی و جەنگی سۆڤییەت لە ئەفغانستان.

لەساڵی 2000 لەئەنجامی دژایەتیکردنی سیاسەتەکانی دیکتاتۆری وڵاتەکەی ئەلکساندەر لۆکشنکۆ ناچاربووە بیلاروسیا بەجێبهێڵێت،و دەچێتە لەفەرەنسا، پاشانیش ڕووی لەبەرلین کردوەو ساڵی 2011ش بەرەو وڵاتەکەی گەڕاوەتەوە.

لەبەرامبەر بەخشینی خەڵاتی نۆبڵیش بە سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ، سارە دانیوس ژنە ئەکادیمیستی سویدی دەڵێت» پێدانی خەڵاتەکە بەهۆی ستایلی نووسییەوەیە، کە فرەدەنگەو لەهەمانکاتیشدا ئەو ژنە نووسەر مامۆستایەکی دیاری نەهامەتی و ئازایەتی ئەم سەردەمەی ئێمەیە».

سارە دانیوس سەرۆکی لیژنەی بەخشینەی خەڵاتەکە بە سڤیتلانا دەڵێت»بەماوەی 30-40ساڵی رابردوودا ناوبراو سەرقاڵی ژیانی خەڵکی بوو لەسەردەمی سۆڤییەت و پاش ئەو سەردەمەش. ئەو رووداوە مێژوییەکانی نەگێراوەتەوە، بەڵکو مێژوویەك لە هەست و سۆزی گێڕاوەتەوە».

سەبارەت بەرۆمانەکەی (فرە دەنگی)، سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ دەڵێت» من بەدوای ستایل و شێوازێکی ئەدەبیدا دەگەڕام، کە لەژیانی راستەقینەم نزیکبکاتەوە، بەتایبەتیش پاش ئەو دیدارانەی، کە لەگەڵ ئەو ژنە سۆڤیەتیانەی بەشداری جەنگی دووەمی جیهانیان کردوە ئەنجامداون، گەیشتوومەتە ئەو دەرئەنجامەی، کە هیچ وشەیەکی نییە ژنی پێ وەسفبکە





هاورێین، بۆیە وشەی دایك لەکۆی وشەکانی تر شکۆمەندترە، دیسان وشەی میهرەبانی ئەو وشەیەیە، کە گوزارشتە لەژن، چونکە ژن چاوگی ژیانەو پارێزەریشێتی، لەبەرئەوە ژن و ژیان یەك شتن. لەبارەی ئەو سەربازانەی سۆڤیەتیش کە لەئەفغانستان کوژراون و لەرێگەی ئەو تابوتانەی لەزنك دروستکرابوون و بۆ خانەوادەکانیان گەڕێنراونەتەوە رۆمانێکی بەناونیشانی (منداڵانی زنك) نووسیوە.

ئەم بەشە لەو دیدارەی، کە لەگەڵ سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ دایە تایبەتە بە شێوازی نووسینی و لەوبارەیەشەوە دەڵێت» من بەدوای ستایلێکی تەواو گونجاو بە تێڕوانین و پشکنینی جیهاندا دەگەڕام، کە بتوانێت ئەو شتانە بگوازێتەوە، کە لە رێگەی گوێکانمەوە دەیبیستم و چاوەکانم دەیبینێت، هەڵبەت سەرجەم شێوازەکانم یەك لەدوای یەك تاقیکردەوە تا شێوازی لەبارم دۆزییەوە بۆ ئەوەی وا لە کەسە راستەقینەکان بکەم بۆ خۆیان رووداوەکان بگێڕنەوە»

**-یەکەمین کتێبت چی بوو؟**

یەکەمین کتێبم بریتی بوو لە (ئەدگاری ناژنانەی جەنگ)، کە زیاتر لەیەك ملیۆن ژنی سۆڤییەتی لەجەنگی دووەمی جیهانیدا بەشداربوون و بەشێوەیەکی کارا لەبەرەکانی جەنگدا ئامادەبوون، کەتەمەنیان لەنێوان 15 بۆ30 ساڵاندابوو. ئەوان وەك سەربازو فرۆکەوان و نیشان بەدەست و شۆفێری تانك و بەشە سەربازییەکانی تر دەست بەکاربوون، لەکاتێکدا لەجەنگەکانی پێشووتردا تەنیا پەرستیارو پزیشك بوون و لەپاش سەرکەوتنیش لەجەنگدا رۆڵی ئەو ژنانە لەبیرکران و پیاوەکان سە ر کە و تنە کە یا ن          لەژنان دزی.   لەکتێبەکانمدا ژنان باس     لەو     لایەنانەی



من بەدوای ستایل و شێوازێکی ئەدەبیدا دەگەڕام، کە لەژیانی راستەقینەم نزیکبکاتەوە، بەتایبەتیش پاش ئەو دیدارانەی، کە لەگەڵ ئەو ژنە سۆڤیەتیانەی بەشداری جەنگی دووەمی جیهانیان کردوە

سڤیتلانا ئەلێکسڤیچ



جەنگ دەکەن، کە پیاوان باسیان نەکردوە، یان ئاماژەیان پێ نەداوە، پیاوان تەنیا باسیان لەکاری پاڵەوانانەی خۆیان و ژنانیش قسەیان لەسەر شتێکی تر کردوە. بۆنموونە چەند ترسناک بووە تێپەڕبوون بەکێڵگە پڕ لەتەرمەکان، کەوەک سەلکە بەتاتە پەرش و بڵاوبوون، لەکاتێکدا ئافرەتەکان سەرجەمیان گەنج بوون. دیارە هەست بەغەمباری دەکەیت بەرامبەر بەو ژنانە جا چ لەسوپای سۆڤیەتدا بووبن، یان لەسوپای ئەڵمانیدا. لەپاش جەنگیش دەبوو خەڵکی پێشوازی لەجەنگێکی تر بکات و ژنانیش شوێنەواری جەنگ و شەڕ بشارنەوە، بۆئەوەی بتوانن ئامادەی هاوسەرگیری بین.

**-دووەم کتێبت چی بوو؟**

کتێبێك بوو بەناونیشانی (دوا شایەت)، کە بریتی بوو لەشایەتیدان لەبارەی جەنگ لەرێگەی دیدەی منداڵانی بێگوناە، کە تەمەنیان لەنێوان 7بۆ12ساڵاندا بوو. جارێکیان دیستۆیڤسکی وتی» هیچ شتێك بەهای نابێت گەر لەسەر حسابی فرمێسکی منداڵێکی بچووکەوە بەدەست بێت».

**-ئەی کتێبی سێیەمت؟**

لەبارەی جەنگی ئەفغانستانەوە بوو بەناونیشانی منداڵانی زنك. ئەوەبوو سەربازە کوژراوەکان تەرمەکانیان لەرێگەی تابۆوتەوە، کە لەزنك دروستکرابوو بۆ کەس و کارەکانیان دەگەڕێنرانەوە.

کتێبەکە کۆمەڵێك چیرۆکی زیاتر لەسەد ئەفسەرو سەربازی سۆڤیەتی لەخۆگرتوە، کە بۆ دەیان ساڵ بەشداریان لەو جەنگە بێ سەروبەرەدا کردبو، هەروەها چیرۆکی ئەو دایك و بێوەژنانەی بوونە قوربانی جەنگ و ململانێی سەختی و هەناسەساردی نێوان هەردو جیهانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا. هەموو شتەکان لەو رۆژگارە جیاوازبوون، کات بەشێوەیەکی جیاوازتر گوزەری دەکرد، تەنانەت رۆژمێرش جیاوازبوو، وەك ئەوەی 100ساڵ بێت، ئەو وەسفە چەندان جار بیستبووم لەوانەی کە چیرۆکەکانیان دەگێڕایەوە. تۆ کە کتێبەکە دەخوێنیتەوە، وەك ئەوە وایە هەنووکە نووسرابێت نەك لەرابردوودا، هەروەك ئەوەی بۆ ئێمە نووسرابێت کە رووبەرووی تراژیدیای 11ی ئەیلول بووینەوە، کاتێك جیهان لەیەك رۆژدا بەشێوەیەکی ریشەیی گۆڕدرا و لەبری بەرەو پێشچوون بەرەو دواوە چوو، دیسان لەبری دەستبەرداربوون لەچەك بۆ چەك گەڕایەوە. یەکێك لەپاڵەوانەکان لەکۆتایی کتێبەکەدا دەبێژێت» ئەوانەی کە نایانەوێت جارێکی تر شەڕبکەن: پێویستە دژی هزرەکان شەڕبکەین نەك خەڵکی، ئەو هزرانە لەناوبەرن کە جیهانمان بەمجۆرە سەختو دژوار دەکەن، جیهانێك کە خەڵکەکەی لەدووری یەکتری بەتەنیایی دەژین» ئەمە بۆچوونی مرۆڤی ئێستایە.

**-ئەی کتێبەکەت کە لەبارەی چیرنۆبڵەوەیە؟**

لەدوای کارەساتی چیرنۆبڵ وامانلێهات لەجیهانێکی جیاوازدا بژین، لەراستیدا دوو کارەسات روویاندا یەکەمیان سروشتی و دووەمیشیان کۆمەڵایەتی بوو کاتێك بنەماکانی سیستمی سۆسیالستی هەرەسیهێنا و کارەساتی دووەمیشیان کاریگەری لەسەر یەکەمیان هەبوو. بەهۆی کارەساتی چیرنۆبڵەوە هەموو شتێك لەئێمەدا گۆڕدرا: کۆدە بۆماوەییەکان، تەنانەت دیمەنە سروشتیە جوانەکانمان و پەیڤ و هەست و سۆزیشمان بزربوون، ئەوەی روویدا زۆر خراپتربوو لە قڕکردنی هۆلۆکۆست و رۆژگاری فەرمانڕەوایی ستالین، هەروەها پەیوەندیمان لەرۆژگاریشەوە گۆڕدراو نەوەیەکی تازە دێت کە پرسیاری ئەوە دەکەن ئەوە، چۆن روویداوە، جۆری ئەو مرۆڤانە چی بوون، کە ئەوکات ژیاون، هەستیان بەچیکردووە چۆن بیریانکردوەتەوە، پەیوەندییان چیبوە بەهەموو ئەوەی کە روویانداوە، رووداوەکان پەیوەستن بەکەسێك کە ژیانی خۆی دروستدەکات، چیرنۆبڵ وەك مەتەڵی سەدەی 21و بەرەنگاریبوونەوەشی باسدەکرێت.

**سەرچاوە: ئەلمەدا**



